# ڕێنمایی دایکان وباوکان

له لایەن ڕێکخراوەکانی کۆچبەران ئامادە کراوە
لە لایەن دایکان و باوکان، بۆ دایکان و باوکان -



ئێوە وەک دایکوباوک
ئەتوانن چی بکەن
بۆ ئەوەی منالّەکانتان
تێکەڵاوی ژینگەی
خراب و نالەبار نەبەن

BÆRUM KOMMUNE

SLT

POLITIET
ASKER OG BÆRUM POLITIDISTRIKT

تۆ ئەتوانی یارمەتی وەربگریت. تۆ لە ڕێگەی داوای یارمەتی داهاتوویەکی باشتر بۆ منالّەکەت و بنەمالّەکەت مسۆگەر ئەکەیت. داوای یارمەتی کردن مەترسیدار یا جێگەی شەرم نییە. تۆ دایک یا باوکێکی باشی ئەگەر بێتوو داوای یارمەتی بکەیت. ئێمە هەموومان جاروبار پێداویستیمان بە هاوکاری هەیە.


## لە کاتی نیگەرانیدا ئەتوانی پەیوەندی بەمانەوە بکەیت:

| | |
|---|---|
| مامۆستای کۆمەڵایەتی، مامۆستای پەیوەندیدار یا پەرستاری قووتابخانە | |
| بنکەی بنەماڵەو چالاکی ماریە پلاتە | تەلەفۆن: 920 34 629 |
| پاراستنی منالّ لە باروم | تەلەفۆن: 67 50 68 00 |
| ڕێکخەری پێشگیری کردن لە پۆلیس | تەلەفۆن: 67 57 69 12 |
| لە شارەوانی SLT ڕێکخەری باروم | تەلەفۆن: 67 50 32 15 |
| ئوتەکۆنتاکتن | تەلەفۆن: 67 55 10 20 |
| تەلەفۆنی ئاگادارکردنەوە تایبەت بە منالّ، مێرمنالّ و دایکوباوک | تەلەفۆن: 116 111 |

گفتوگۆ، ڕاوێژ، ڕێنمایی
و گفتوگۆی بەدواداچوون
بە پێی کێشە و
باڕوودۆخی منالّ و
جۆری پەیوەندی لەگەڵ
منالّدا ئەگوونجێنرێن.

© 2015 Innvandrerorganisasjonene i Bærum

هیچ ووڵامێک نییە بۆ ئەوەی بزانیت ڕێگە چارەی ڕاست و درووست بۆ ئەم جۆرە حالّەتانە چییە. زۆربەی کات باشترین ڕێگە بۆ هەبوونی منالّی خۆشبەخت ئەوەیە کە دایکوباوک لە دەورانی منالّیەتی منالّەکانیاندا چالاک بن و کاتیان لەگەڵدا بەسەر بەرن.



ئێمە رێنماییەکی سادە و ساکارمان ئامادە کردووە کە ئەتوانی بۆ ئەوەی بزانی منالّەکەت لە باروودۆخێکی باشدایە کەڵکی لێوەر بگریت. ئامانج ئەوەیە کە هەرچی زووتر ئەو کەسانەی کە لە باروودۆخێکی مەترسیدار دان بدۆزرێنەوەو بە شێوەیەکی کاریگەر یارمەتییان بدرێت.

## سوور

تۆ هیچ پەیوەندییەکت بە قووتابخانە، دایکوباوکانی تر و هاوڕێکانی منداڵەکەت نییە.

منداڵەکەت لە پەیوەندیکردن لەگەڵ تۆدا دووری ئەکات و ئەو شتانەی کە بۆت باس ئەکات پێتوایە درۆیە.

منداڵەکەت شتی وای هەیە کە تۆ پارەت بۆ کڕینی ئەمانە پێنەداوە.

منداڵەکەت لە کاتی دیاریکراودا ناگەڕێتەوە ماڵەوە.

منداڵەکەت ئامادەنەبوونی لە قووتابخانە زۆرە.

منداڵەکەت لە ماوەیەکی کورتدا هەڵسوکەتی گۆڕاوە.

منداڵەکەت زۆر ئەچێتە شاری ئۆسلۆ بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانیت.

**زۆر جێگەی نیگەرانییە. چاوەڕوان مەبەو یەکسەر داوای ڕاوێژ و ڕێنمایی بکە.**

## زەرد

تۆ قووتابخانە، وانەکان و دایکوباوکانی تر بە باشی ناناسی.

تۆ نازانی بۆ بەهێزکردنی نمرە یا دەرەجەکانی منداڵەکەت ئەتوانی یارمەتی لە کوێ وەربگری.

تۆ هاوڕێکانی منداڵەکەت ناناسی.

تۆ نازانی منداڵەکەت لە کاتی ئازاددا چی ئەکات.

تۆ لە کاتی ئازاد و لە پشووەکاندا کەم لە گەڵ منداڵەکانتدا کات بەسەر ئەبەی.

تۆ نازانی منداڵەکەت لە سەر ئەنتەرنێت یا لە سەر تەلەفۆنی مۆبیل چی ئەکات.

تۆ ئەبینی کە گۆڕانکاری بە سەر هەڵسووکەوت، جۆری جل پۆشین و شێوەی قسەکردنی منداڵەکەت بەدی هاتووە، بەڵام هۆکارەکەی نازانی.

منداڵەکەت لە کاتی دیاریکراودا ناگەڕێتەوە ماڵەوە.

ئامادەنەبوونی منداڵەکەت لە قووتابخانە زیادی کردووە.

تۆ ئەمە بەدی ئەکەیت کە لەگەڵ منداڵەکەتدا کەم بەیەکەوە قسە ئەکەن.

**جێگەی نیگەرانییە. لەگەڵ منداڵەکەت قسە بکەو داوای ڕاوێژ و ڕێنمایی بکە.**

## سەوز

تۆ قووتابخانە ئەناسی، شارەزای ئەرکی ماڵەوەیت و دایکوباوکی منداڵانی تر ئەناسی. تۆ لە کۆبوونەوەکانی قووتابخانەدا بەشداری ئەکەیت.

تۆ ئەزانی کە چۆن منداڵەکەت لە وانەکانی قووتابخانەدا بەهێز بکەیت.

تۆ هاوڕێکانی منداڵەکانت و دایکوباوکی ئەوان ئەناسی.

منداڵەکەت لە کاتی ئازاد و لە پشووەکانی قووتابخانەدا چالاکەو تۆش بەشێکی لەم چالاکییە.

تۆ کاتێکی زۆر لە گەڵ منداڵەکانتدا بەسەر ئەبەیت و کاتێکی خۆشتان بەیەکەوە هەیە.

تۆ ئەزانی منداڵەکەت لە سەر ئەنتەرنێت یا لە سەر تەلەفۆنی مۆبیل چی ئەکات.

تۆ ئەزانی ئەگەر بێتوو منداڵەکەت گاڵتەی پێبکرێت یا گاڵتە بە منداڵانی تر بکات چی بکەیت.

تۆ ئەزانی ئەگەر بێتوو لە پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەکەتدا نیگەرانیت هەبێت لە کوێ ئەتوانی یارمەتی وەربگریت.

**هیچ هۆیەک بۆ نیگەرانی نییە.**